# گۆرانیبێژو هونەری رەسەن

یاسین محەمەد

ئەگەر چاوێك بە قۆناغی هەنوکەیی گۆرانیبێژاندا بگێڕین دەبینین خۆی لە چەند ئاستێکی جیاوازدا دەبینێت، کە من لێرەدا بەسێ بەش پۆلێنم کردوە، بەشی یەکەم ناتوانین نکۆڵی لە کارەکانیان بکەین کە کاری جوان و جدین، وە بێگومان ئەم بەشە رەچاوی رەسەنایەتیش بەکارەکانیانەوە بەدی دەکرێت، بەشی دووەمیان دەنگبێژی باشن، بەڵام بەداخەوە رەچاوی رەسەنایەتییان نەکردوە و کەلتور و فۆلکلۆری کوردیان فەرامۆش کردوە، بەشی سێیەمیان نەدەنگبێژی باشن نە رەچاوی رەسەنایەتییان کردوە، ئەو دەروازەیەی مەبەستمە لێوەی بچمە ژوورەوە" رەسەنایەتییە" کە دەمەوێت خوێنەر لەوە بگەیەنم تا چەند گۆرانیبێژی ئێمە ناڵێم هەموویان، چونکە گشتاندن ناکرێت، بەڵکو بەشێکی زۆریان، غیابیان لە بەهێزکردنی رەسەنایەتی و خوێندنەوەی هەیە و ئەم لایەنە گرنگەی هونەری کوردییان فەرامۆش کردوە، بەداخەوە زۆرینەی بوێژی کورد شتێك ناناسن ناوی رەسەنایەتی بێت، تەنانەت هەندێك هونەرمەند بە کۆن و پواو و سواو ناوزەندی دەکات و بەگرنگی نازانێت، ئەگەر سەیری میدیای کوردی بکەین ئەو کات دەزانین تا چ ئاستێك ئەم هونەرمەندە بوێژانەی ئێمە لە خزمەت هونەری رەسەن و کەلتوری و فۆلکلۆری کورددان، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ناڵێین هەموو گۆرانیبێژان، چونکە گۆرانی بێژانیشمان هەن بەهونەری رەسەنی کوردی و بەکەلتور و فۆلکلۆری کوردی و موزیکی کوردی و هەروەها بە جل و بەرگی کوردی بەرهەم و کلیپەکانیان تۆمار و بڵاودەکەنەوە و گرو تینی باش بەهونەری رەسەنی کوردی دەبەخشن و رەچاوی کەلتور و فۆلکلۆریان کردوەو بابەتە فۆلکلۆریەکانیان لە فەوتان و لەناوچوون پاراستوەو بەشێوازێکی جوان و دوور لە کاڵبوونەوەی رەسەنایەتی نوێیان کردۆتەوە و بەهەمان شێوە بەرهەم و بابەتە نوێکانیشیان بە شێواز و ستایلێکی جوان و پڕ بایەخ و دوور لە تێکەڵاوی هونەری بیانی بەرهەم دێنن و رەو بە هونەری رەسەنی کوردی دەدەن، بەڵام بەداخەوە ئەم رێژەیە کەمترە لەو رێژەیەی کە لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد.

لەگەڵ ئەو رێژە زۆرەی گۆرانیبێژ کە ماڵە لەسەر هونەری کوردی و لەگەڵ ئـەوەی هەنوکە جیاوازتر لە سەردەمانی زوو خۆشبەختانە (٨ • ١٠) کەناڵی ئاسمانی کوردیمان هەیە کە بەزمانی کوردی پەخش و وەشان دەکەن، کەچی هەوڵی بەجیهانیبوونی هونەری کوردی رەسەن نادرێت، هەندێك هەوڵی لێرەو لەوێ دراوە وەکەسی هەوڵدەر ویستویەتی هونەری رەسەنی کوردی بەو گەل و میللەتانە بناسێنێت کە ئامادەییان لەو فیستیڤاڵ و پرۆگرامانەدا هەبووە، بەڵام وەك پێویست نەبووە و هەرچەندە دەبێت فەرامۆشی ئەم هەوڵانە نەکەین و بینرخێنین و دەست خۆشیان لێبکەین و داوای هەوڵی زیاتر و باشتریان لێ بکەین، دەمەوێت بپرسم بۆچی تا ئێستا سەفیری گۆرانیبێژی کوردیمان نییە؟ ئەگەر لە هەڵەدا نەبم، کۆمەڵێك گۆرانیبێژمان هەن، کە بەرهەمەکانیان لە کەناڵە ئاسمانییە غەیرە کوردیەکاندا پەخش و بڵاودەکرێنەوە، کە ئەمە کارێکی باشە گۆرانی بێژی ئێمە بگاتە ئەو ئاستەی کە گۆرانییەکانی لە کەناڵە بیانییەکانەوە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ رێزمدا بۆیان بنیادەم ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك رەسەنایەتی کەلتوری کوردی تیادا بەدی بکات، بەداخەوە پڕاوپڕە لە کەلتور و ستایلی بیانی، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها هۆنراوەی گۆرانیەکەیە بەکوردی و بەس...!

خوێنەری ئازیز هەموان دەزانین زۆر لە مێژە ناحەزانی کورد هەوڵی لەناوبردنمان دەدەن، بۆ ئەم مەبەستە چەندەها رێگە و شێوەی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە و بەکاری دەهێنن بۆ سرینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و کەلتور و هونەری رەسەنی کوردی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە کورد گەلێك نییە کەلتور و رەسەنایەتی و تایبەتمەدێتی (خصوصیات) خۆی نەبێت، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم فەرامۆش کردنی رەسەنایەتییە پرۆژەیەکە خزمەت بە بێگانە دەکات بێ ئەوەی هەست بە لایەنە سلبیەکانی بکرێت، زەنگێکی خەتەرناکە لە دەرگای رەسەنایەتی و کەلتوری کوردی دەدات، چونکە رەهەندێکی شارستانەتی و پێشکەوتنی هەر گەلێك بەندە بەئاستی پێشکەوتنی هونەرە رەسەنەکەیەوە. ئێمەی کورد لە رێگەی هونەرە رەسەنەکەمانەوە دەتوانین بۆ هەموو گەلانی دنیای بسەلمێنین کە دووکەوتە ( تابع) و پێکهاتەی هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە نین و کەلتور و رەسەنایەتی و تایبەتمەدێتی و ( خصوصیات)ی خۆمان هەیە، بەڵگەشم بۆ سەلماندنی ئەوەی کە فەرامۆش کردنی رەسەنایەتی خزمەت بە هونەری کوردی ناکات ئەوەیە کە ئەو نەوەیەی هەنووکە گوێ لە گۆرانی دەگرێت ئاشنایەتیەکی ئەو تۆی لەگەڵ گۆانی رەسەنی کوردیدا نییە، گۆرانی کوردی لا خۆشەویست نەکراوە، هێندەی ئەوەی کە گوێ لە گۆرانی بیانی دەگرێت و لەلای خۆشەویستە، بە هۆی لێشاوی بەجیهانی بوونەوە هزری پڕە لە هونەر و کەلتوری بیانی کە رۆژ بە رۆژ لەگەڵیدا گەورە دەبێت و ساتەکانی لەگەڵیدا بەسەر دەبات لە نەستیدا خۆشەویست دەبێت و بەیادگاری لەلای خۆی یاداشت دەکات، من وای دەبینم ئەمە یەکێکە لەو بەرئەنجامانەی کە دەمێك ساڵە بێگانە چاوەروانی دەکات، لەگەڵ ئەمانەشدا بەشێك لە گۆرانیبێژانی ئێمە دێن بێئەوەی هەست بەم مەترسیە گەورەیە کەلە رەسەنایەتی و لەناوچوونی هونەری کوردی و کەلتور و فۆلکلۆری کوردی هەیە بکەن بەرهەم و بابەتە بەناو کوردیەکانیان لەگەڵ موزیسیانە بیانیەکان و هاورێیەتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان تۆمار و بڵاودەکەنەوە کە ئەمەشیان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ هونەرە بیانییەکەدا نییە و زیهن و هزری ئەم نەتەوەیە پڕ دەکەن لە کەلتور و هونەری بیانی و فەرامۆشی گۆرانی رەسەنی کوردی دەکەن، ئیتر شتێك نامێنێتەوە ناوی رەسەنایەتی و کەلتوری کوردی بێت، ئیتر چۆن بەگەلانی دنیا بڵێین ئەمەیە هونەرە رەسەنەکەمان لە کاتێکدا کەلتور و هونەری ئەوانە ئێمە دەیجوینەوە، ئەوەیە من بە حاڵەتێکی نائاسایی دەبینم لەسەر هونەری رەسەنی کوردی کەخزمەت بە هونەری بێگانە دەکات، ئایا بۆچی میللەتانی تری دنیا وەکو تورك و فارس و عەرەب و کۆی ئەو گەل و نەتەوانەی پێیان ئاشناین رازی نابن کەلتور و رەسەنایەتی خۆیان فەرامۆش بکەن و کەلتورو رەسەنایەتی گەلێکی تر لە هونەرەکەیاندا رەنگ بداتەوە و بەرجەستە ببێت...؟ وەڵامەکەی ئاسانە ئەم میللەتانە بەهۆی رەسەنایەتی و کەلتور و فۆلکلۆرەوە هەروەها زمان لەیەکتری جیا دەکرێنەوە و بونیان هەیە، هەر کاتێك فەرامۆشیان کرد واتە فەرامۆشی نەتەوەکەیان کردوە، واتە بوونی خۆیان لەدەست داوە، ئەم میللەتانە بەپرسانە مامەڵە لەگەڵ هونەرەکەی خۆیاندا دەکەن ویەك دەنگ و کۆکن لەسەر پاراستن و مانەوەی کەلتور و رەسەنایەتی، تەنانەت زۆربەیان ئامادەییان نییە کە بەزمانیتر جگە لە زمانی خۆیان پەخش و وەشان لە میدیاکانیاندا بکەن، زیندوترین نمونەش" تورکیا، ئیتالیا، ئێران، وڵاتە عەرەبییەکان....هتد".

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە رۆحی نەتەوەپەرستی بچێنم، بەڵام مەبەستیشم نییە و ناخوازم هونەری رەسەنی گەلەکەم فەرامۆش بکەم و مەبەستیشم نییە خزمەت بە هونەر و کەلتوری بیانی بکەم. مەبەستمە بوێژی کورد چیتر خزمەت بە هونەر و کەلتوری بیانی نەکات و بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ هونەری رەسەنی کوردی بکات، هەوڵی بەجیهانیبوونی بەرهەمەکانی بدات. خۆ ئاشکرایە ئەم رەوشە بەتەنها گۆرانیبێژ و موزیسیانی کورد نەیان خولخاندوە، هەندێك هۆو لایەن هەن کە هونەری رەسەنی کوردییان بەم ئاقارەدا بردوە و ناوەندی هونەری " وسط الفنی" یان وەکو چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار لێ کردوە کە لە تەوەری دووەمدا لێیدەدوێم...!

بەکورتی ئەوەندەی مەبەستمە بڵێم بینینی هونەری رەسەنی کوردی گەلەکەم بە نەمری و بەجیهانی بووی و بەگەشاوەیی وای لێکردم ئەم چەند پەیڤە ئاراستەی ئێوەی خوێنەری خۆشەویست بکەم، ئەوەندە مەبەستم نەبووە تانە لەم و لەو بگرم مەبەستم ئەوەیە کە رەخنەی بنیادنەر بگرم، ئەو خوشك و برایانەی کەلەناوەندی هونەری کوردیدا کار دەکەن هۆشیار بکەمەوە کە خزمەت بە هونەری بیانی نەکرێت، بەهەوڵی هەموو لایەك هونەری کوردی بەرز رابگیرێت لە نرخی نەهێنرێتە خوارەوە. بەئومێدی ئەوەی توانیبێتم مەبەستم بپێکم.

پەراوێز: لەم تەوەرەدا کەباس لە ووشەی( رەسەنایەتی ) دەکەم، مەبەستم لە بەرهەمی‌جوانە، بەهەموو رەگەزەکانیشەوە، چونکە ئەوەمان لەیاد نەچێت لە زۆربەی واتاکاندا ووشەی رەسەنایەتی وەکو بەرهەمێکی زۆر کۆن ناوزەد کراوە، بەڵام رەسەنایەتی بە هەموو ستایلەکانی گۆرانی و موزیك دەوترێت، ئەگەر ئەو سیمایانەی سەرەوەی تیادا بێت بە کورتی دەتوانین بێژین رەسەنایەتی بە بەرهەمێکی جوان دەوترێت کە هونەرمەندان و کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگا پەسەندی بکەن....